وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
ژمارە: ٤١٣٦ لە ٢٠٢٤/٧/٢

بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی(٧)ی بڕگە(١) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث)کردنی (سەنتەری ئۆتیزم) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زاخۆ لەبەر زۆری ڕێژەی ئۆتیزم لەو ئیدارەیە و زیاتر خزمەت کردنی منداڵان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

کوێستان محمد عبدالله
وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤

- کردنەوەی(سەنتەری ماد بۆ گورچیلەی دەستکرد)سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٦/٢٦.

بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

- کردنەوەی هۆبەی (ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان) سەر بە نوسێنگەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٦/٣.

بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤

- کردنەوەی هۆبەی (نارێکی زگماکی لێوو مەلاشوو) لە ناو نەخۆشخانەی سوتاوی و نەشتەرگەری جوانکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٦/٣.

د. سامان حسین بەرزنجی